

# مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەت و شوێنی لەئیتیکی رۆژنامەوانیدا

شوان ئادەم ئەیڤەس

### 1: گرنگیی تایبەتمەندێتیو بەهای رۆژنامەوانی

تایبەتمەندێتی، یاخود ژیانی تایبەت، پەیوەستە بەئازادیو بەرژەوەندی تایبەتی کەسەکانەوەو لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کەژیانی گشتی تیایدا کۆتاییدێت، بەڵام ئایا ژیانی گشتی چییەو چی جیایدەکاتەوە لەژیانی تایبەتی تاکەکان؟

گەر مەبەست لەژیانی گشتی، ئەو ئیشوکارانە بێ کە مۆرکێکی گشتیان هەیەو دیارو بەرچاون لەبەردەم ئەوانیدیکەدا، بەنمونە: چالاکییە پیشەییەکانو کاروبارە رەسمییەکانی پەیوەست بەدەسەڵاتی: سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەر کارێکی فەرمیی تر یاخود بەسەربردنی کاتەکانی حەوانەوەو دەستبەتاڵی بێت لەشوێنە کراوەو گشتیەکاندا، ئەوا رەنگبێ کارێکی قورس بێ لەرووی یاساییەوە، هیچ جۆرە پێوەرێك بۆ دیارییکردنی ژیانی تایبەتی کەسەکان هەبێو بەدەقێکی یاسایی ئەو جۆرە ژیانەو وردەکارییەکانی خاڵ بەخاڵ دەستنیشانکرابێتنو ناسرابێتنەوە، بەڵکو ئەوە زۆرتر بۆ یاساناسان بەجێهێڵراوە کە ئیجتیهادی تیابکەنو سنورەکانی نێوان ئەو دووجۆرە ژیانە دیاری بکەن.

لەراستیدا تایبەتمەندێتی ژیانی تایبەتی تاکەکان، بەیەکێك لەمافە مەدەنییە ناسیاسییەکان دادەنرێ‌و بەپێی جیاوازی: شوێنکات‌و کەس‌و لایەن‌و کولتوورو دابونەریتی ئایینیی‌و کۆمەڵایەتیی گەلان لەگۆڕاندایە، دۆخێکی نەگۆڕو چەسپاوی نییە، ئەمەش وایکردووە زۆرجار ئاسان نەبێت سنورەکانی ژیانی تایبەت لەژیانی گشتی جیابکرێنەوە، چونکە هەندێ باس‌وخواس هەن لەیەکەم نیگادا وا دەردەکەون کە ژیانی تایبەت بن‌و بواری خۆتێهەڵقورتاندنیان یاساغ بێت، بەڵام دواتر دەردەکەون کە بەهۆی شوێن‌و پێگەی کەسەکانەوە باس‌وخواسەکانیان دەچێتە چوارچێوەی ژیانی گشتی‌و یەکدەگرنەوە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی هاووڵاتیاندا، ئەوکاتیش ئاسایی دەبێت گەر زانیاری‌و هەواڵیان لەبارەوە وەرگیرێ‌و بڵاوکرێتەوە، یاخود لەلایەن وەرگران (متلقی)و نێوەندە رۆژنامەوانیەکانەوە چاودێری بکرێن‌و رای گشتیان لێ ئاگادار بکرێتەوە.

لەکۆمەڵگە دیموکرات‌و پێشکەوتووەکاندا بەپێچەوانەی وڵاتانی دیکتاتۆرو دواکەوتووی جیهان، رێزگرتن‌و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەکان بەیەکێك لەگرنگترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. لەرۆژگاری ئەمرۆدا بەهۆی داهێنانە بێشومارەکانی بواری گەیاندن‌و راگەیاندن یان فراژۆبوون‌و گەشەی بەردەوامی تەکنۆلۆژیاوە، تاڵە دەزوویەکی باریك لەنێوان ژیانی گشتی‌و ژیانی تایبەتی تاکەکاندا ماوەتەوە. زۆرجار بەمەبەست بێ یاخود بەهۆی لەبەرچاونەگرتن‌و پەراوێزخستنی بنەما یاساییەکان‌و پێوەرەکانی ئیتیکی پیشەییەوە بێت، رۆژنامەوانان‌و نێوەندە رۆژنامەوانیەکانیان، ئەو تاڵە دەزووەش دەپسێنن‌و پێشێلی ئەو مافە مەدەنییەی تاکەکان دەکەن کە هەریەکەیان لەهەوڵی بەنهێنی هێشتنەوەی تایبەتمەندییەکانی ژیانی خۆیاندان‌و نایانەوێ یاخود پێیان خۆش نییە ئەوانیدیکە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو شێوە ژیانەیان بن، چونکە پێویستیی مرۆڤ بەخەڵوەتنشینی‌و هەستکردن بەهێمنیی شوێنی نیشتەجێبوون‌و دوورکەوتنەوە لەچاوی ئەوانیدیکە یان چاودێریی فزوڵییەکان یاخود پارێزگاریکردن لەبیرۆکەو بۆچوونەکانی‌و پەیوەندییە بەتینەکانی لەپشت پەردەی نهێنییەوە لەگەڵ هاورێ‌و کەسە نزیکەکانی‌و ئەندامانی خێزانەکەی، پێویستییەکی دێرینەو هێندەی بوونی مرۆڤ کۆنە.[1] بێگومان گرنگیدان بەمافی ژیانی تایبەت لەنێو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا سادەتر بووەو هێندەی کۆمەڵگە نوێکان ئاڵۆز نەبووە. لەوەی یەکەمیاندا بەهۆی توندوتۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان‌و سادەیی ژیان‌و کاریگەریی دابونەریت‌و بەها مرۆییەکان، کەسەکان زۆر بەکەمی یاخود بەدەگمەن نەبێ هەستیان بەنیگەرانی‌و مەترسی ئاشکرابوونی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی خۆیان نەکردووە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەوەی دووەمیاندا بەهۆی لاوازیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و کاڵبوونەوەی بەها ئەخلاقی‌و مرۆییەکان یاخود بەهۆی ئاڵۆزبوونی ژیان‌و گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیاو نێوەندە رۆژنامەوانیەکانەوە، تاکەکان زیاتر هەست بەدوودڵی‌و نیگەرانی دەکەن‌و پێویستیی دانانی سنورێك بۆ رێگرتن لەدزەکردنە نێو ژیانی تایبەت‌و ئاشکرانەکردن‌و بڵاونەکردنەوەی نهێنییەکانیان دووپاتدەکەنەوە، هەروەك رووبەڕوونەوەی تاکەکانیش لەگەڵ قەیرانی پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتییان لەنێو کۆمەڵگەکاندا دەگەڕێنرێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: خێرایی گەشەی ئامرازەکانی گەیاندن‌و راگەیاندن‌و زیادبوونی پێویستیی وەرگران بەهەواڵەکان، بەتایبەت ئەو هەواڵانەی کە پەیوەندییان بەرووداوە: سیاسی، ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.

دووەم: گەشەسەندنی زانستی‌و تەکنۆلۆژی بەشێوەیەکی خێرا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا جا چ لەسەر ئاستی بینراو بێ یاخود لەسەر ئاستی ئامرازەکانی بیستن‌و رێکخراوە زانیاری بەخشەکاندا بێ، کە بێگومان خێرایی ئەو گەشەسەندنەش وادەکات دزەبکرێتە نێو نهێنییەکانی ژیانی تایبەت‌و سنوری نهێنییەکان ببەزێنرێت. لەهەندێ حاڵەتیشدا کاردەکاتە سەر تێکشکاندنی تەواوەتی تاکەکان، کە دیارە ئەوەش بەهۆی ئامرازە نوێکانی بواری چاودێرییکردنەوە دەبێ لەرێی بینین‌و بیستن‌و تۆمارکردنی دەنگ‌و رەنگی کەسەکانەوە بەشێوازێکی نهێنی‌و شاراوە[2]. هەروەك دیارە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەکان بەگشتی‌و تایبەتمەندییەکانی ژیانی کەسایەتییە دیارو ناسراوەکان بەتایبەت، لەمرۆدا بووەتە ئامانجی زۆر لەرۆژنامەوان‌و نێوەندە رۆژنامەوانیەکانیان. پاساوی ئەوەش لای هەندێکیان دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی کە نابێت هیچ شتێك لەمیدیا شاراوەبێ‌و رۆژنامەوانان باسی لێوەنەکەن، ئەمەش پەیوەستدەکەنەوە بەئازادیی دەربڕین‌و رۆژنامەوانی‌و پێویستیی بەرژەوەندیی

گشتی بۆ زانینی وردەکارییەکانی ژیانی ئەو کەسانەی لەپۆستی بەرپرسیارێتیی گشتیدان، چونکە پێیانوایە راستەوخۆبێ یان ناراستەوخۆ، بۆچوونو رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی ئەو کەسانە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام هەندێکی دیکە بۆچوونی پێچەوانەیان هەیەو پێیانوایە ئازادیی رۆژنامەوانی بەبێ بەرپرسیارێتی هیچ بەهایەکی نابێ، چونکە هەروەك جۆزیف پۆلیتزەر[a] دەڵێت: ئازادییو بەرپرسیارێتی دووڕووی دراوێکن، هەربۆیە بەپێویستی دەزانن لەنێوان ژیانی گشتیو ژیانی تایبەتیی کەسەکاندا سنورێك هەبێت، بەڵام جیاکاری بکرێت لەنێوان کەسایەتییە ئاساییو ناسراوەکاندا.

پەلاماردانی تایبەتمەندێتیو پێشێلکاری بەرامبەر مافی ژیانی تایبەتی تاکەکانو رەنگدانەوەی لەنێو نێوەندە رۆژنامەوانیەکانی ناوخۆو دەرەوەدا، یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی لەمڕۆدا قسەوباسی وردی لەسەر دەکرێ بەجۆرێك هەندێجار بانگەشەی نەمانو ونبوونی ژیانی تایبەت دەکرێت، ئەویش لەلایەك بەهۆی تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندییەکانو ناڕوونیی رەهەندەکانی ئەو بوارانەی دەچنە چوارچێوەی ئەم مافەو لەلایەکی دیکەشەوە هەڕەشەی تەکنۆلۆژیاو تەماهی رۆژنامەوانان بۆ کشاندنی سنورەکانی ئازادیی دەربڕینو رۆژنامەوانی هاوکات رێگرییە یاساییو ئیتیکییەکانی پیشەکەیان، کارێکی وەهایکردووە کە لەکاتی رووماڵکردنی رووداوەکانو پەخشو بڵاوکردنەوەیاندا ئاسان نەبێت ئاستەکانی پارێزگاریکردنو پێشێلکردنی بوارەکانی ئەم مافە دەستنیشان بکرێن.

## 2: سەرهەڵدانی مافی تایبەتمەندێتی[§] و گۆڕانی ماناکانی

تێگەیشتن لەچەمکی تایبەتمەندێتی، یاخود ژیانی تایبەتی تاکەکان، گرێدراوی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی ماناکانییەتی، کە لەهەر ساتو سەردەمو قۆناغێکدا مانایەکی دیاریکراوی وەرگرتووەو لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەتو گەشەی هزریو تەکنۆلۆژیدا بەردەوام مانای نوێی بۆداتاشراوە، تەنانەت پێبەپێی قۆناغەکانی هەڵکشانی تەمەنی مرۆڤەکانو لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە بیرۆکەی ژیانی تایبەت بیرۆکەیەکی رێژەییەو جێگیر نییە، جیاوازە بەجیاوازی خەڵکیو ژینگەو کولتوورو ئینتمای: ئایینی، سیاسیو کۆمەڵایەتییان، چوارچێوەی رێژەییبوونەکەشی دیاریکراوە بەهەندێ پاڵنەری پەیوەست بەکەسایەتیی مرۆڤو چالاکییو ئیرادەی بەپێی ئەو شوێنو کاتەی تیادەژی[3] هەربۆیە ماناو چەمکی ژیانی تایبەتی کەسەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەبەردەوامییش لەگۆڕاندایە، یاساناسو شارەزایانیش کۆکنین لەسەر پێناسێکی وردو هەمەگیر بۆ ناساندنو دیاریکردنی ناوەڕۆکەکەی. لەمڕۆدا باسکردن لەمافی تایبەتمەندێتیی تاکەکان وەك مافێکی مەدەنی نابەسترێتەوە بەو رەهەندە مێژووییانەی چەمکەکەی لەخۆگرتووە، بەڵکو ئەوە بەکاردێت کە لەمڕۆدا بووەتە هەڵگری ناوەڕۆکە بنەڕەتییەکەی، واتە پشت بەلێکۆڵینەوە سینکرۆنییەکان*دەبەسترێت نەك دایەکرۆنییەکان.*

بەکارهێنانی چەمکی تایبەتمەندی (الخصوصیە Privacy)ش، لانیکەم لەزمانی ئینگلیزییدا دەلالەت لەحاڵەتێك یان بارودۆخێك دەکات کە ئینسان لەدۆخی کشانەوەبێت لەکۆڕو کۆبوونەوەی ئەوانیدی، یاخود خۆی بشارێتەوە لێیان کاتێك کە دەبێتە شوێنی گرنگیپێدانیان[4]، چونکە چەمکی تایبەتمەندێتی لەکۆندا بەواتای تایبەتمەندێتیی مادی بەکارهاتووە، بەو واتایەی مافی هەرکەسێکە دوورکەوێتەوە لەدەستوەردانی ئەوانەی دەستوەردەدەنە کاروبارەکانی یاخود خۆی لادا لەتێکەڵاوبوون لەو کەسە فزوڵیانەی خۆشگوزەرانیی خەڵوەتو تەنیایی دەقۆزنەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە لایەنی مادی هۆکاری خۆدوورخستنەوەکەی بێت لەدنیای ئەوانیدیکە، هەروەها مافی خۆشیەتی دوورەپەرێزبێ، یان دابڕێ لەوانیدی گەرهاتوو لەسەر بنەمای مافی موڵکیەتی شوێن، هەوڵی عەیبدارکردنو ئابڕووبردنیان دا، هەروەك دەرکەوتنی واتای تایبەتمەندێتیی مادی مافی ژیانی تایبەتیش لەیاسای ئینگلیزییدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەیەم. کێشەی ENTICK V. CARRINGTON لەساڵی 1765دا، بەگرنگترینو ناسراوترین کێشەی ئینگلیزی دەدانرێ، کە پەیوەندی بەچەمکی مادیی ئەم مافەوە هەبووەو پەیوەستبووە بەپشکنینی مادیی کەسەکانو زەوییو زارو شتومەکەکانیان، واتە مافی دوورەپەرێزیی مادی لەخەڵکی، ئەم ململانێیەش زۆرتر لەسەردەمی موستەعمەراتی ئینگلیزییدا دەرکەوت لەنێوان دەرەبەگو

دانیشتوانی ژێردەستەی وڵاتانی داگیرکەردا، ئەوەش وەك بەشێك لەبەرگریکردنی دانیشتوانی ئەمەریکای ژێردەستەی بەریتانیا، بۆ راگرتنی فەرمانەکانی ئەو پشکنینە بێپاساوانەی حاکمی گشتی ئینگلیز بەناوی خاوەنداریێتییەوە دەریدەکردن‌و لەرێی فەرمانبەران‌و پیاوانی دەرەبەگەوە دەچوونە سەر زەوییوزارو دوکان‌و شوێنە بازرگانییەکانی هاووڵاتیان‌و دەیانپشکنی، ئەوەش لەپێناو سەپاندنی باج‌و سەرانە بەسەریاندا، هەربۆیە ساڵی 1761 پارێزەری بەرگریکار James Otis لەبەردەم دادگادا ئەو وتەیەی دووپاتکردەوە کە دەڵێ: یەکێ لەگرنگترین بنەماکانی ئازادیی ئینگلیز، ئازادیی شوێنی نیشتەجێبوون‌و رێزگرتنیەتی.

ئەو وتەیەی Otis لەدواتردا رۆڵێکی گرنگی بینی لەهەموارکردنی چوارەمی دەستووری ئەمریکیدا کە لەساڵی 1789 گفتوگۆیان لەبارەوەکردو ئەو هەموارکردنەش سەرکەوتووبوو لەجەختکردنەوە لەسەر وتەکەی ناوبراو سەبارەت بەئازادیی رێزگرتن لەشوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکان، هاوکات هەموارکردنی چوارەمی دەستووری ئەمەریکاش لەمێژووی بریارلێدانییەوە هەتاوەکو ئەمرۆ، بناغەی تەواوی ئەو کێشەو باسوخواسانە بووە کە پەیوەندییان بەمافی تایبەتمەندێتییەوە هەیە، مەبەستی مافی تایبەتمەندێتیش لەم هەموارکردنەدا لەساڵی 1791 هەتا1890 بەواتای رێزگرتنی تایبەتمەندێتیی مادیی مرۆڤەکان هاتووە، بەڵام لەرۆژگاری ئەمرۆدا چەمکی تایبەتمەندێتی مانایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێ‌و هەر بەتەنها لەسنوری موڵکییەتی شوێن‌و لایەنی مادییدا سنوردارناکرێت، بەڵکو قۆناغی هاوچەرخی ئەم مافە لەژێر کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا ماناکەی گۆراوەو گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. لەئێستادا زیاد لەمافێك لەخۆ دەگرێ نەك تەنها مافێك بێ‌و تەرکیز لەسەر تایبەتمەندێتیی مادی‌و موڵکییەتی شوێن بکاتەوە، چونکە لایەنی مەعنەویی مافی تایبەتمەندێتی پەیوەندییەکی پتەوی بەتێگەیشتن لەسروشتی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، واتە تێگەیشتن لەکۆی ئەو بارودۆخە تایبەتییانەی پەیوەندییان بەباری سایکۆلۆژی‌و دۆخی ناوەوەی مرۆڤەوە هەیەو ئەوانیدیکە درکی پێناکەن‌و شاراوەیە لایان.

چەمکی مەعنەویی مافی تایبەتمەندێتی بۆ یەکەمجار لەکانوونی یەکەمی ساڵی 1890دا هەردوو گەورە دادوەری دادگای باڵای فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (Samuel Warren & Louis D. Brandeis) بەکاریانهێنا کە لەمیانی وتارێکی بەناوبانگیاندا بەناونیشانی: (مافی تایبەتمەندێتی ـ The Right of Privacy) داوای سەرلەنوێ پێداچوونەوەی یاساکانیان کرد،[5] پاشتریش لەگەڵ بەرفراوانبوونی چەمکی مافی تایبەتمەندێتیدا دادگای تێهەڵچوونەوەی ئەمەریکا لەساڵی 1981دا، دوو مانای دیاری ئەو مافەی دەرخست کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

یەکەم: پاراستنی بەرژەوەندیی تاکەکەس لەرێی خۆلادان لەئاشکراکردنی زانیارییە کەسییەکان یاخود نهێنییەکان.

دووەم: پاراستنی بەرژەوەندیی تاکەکەس لەتایبەتمەندییەکانی‌و هەبوونی سەربەخۆیی تەواو لەدەرکردنی بریارە گرنگەکانی بەبێ دەستێوەردان یان کاریگەریی لایەنێك[6].

### 3: پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی

دەرکەوتنی پرنسیپی پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم کە لەدەرەنجامی مومارەسەی کاری رۆژنامەوانیی رووزەرد[a] رۆژنامەکانی خۆراوا بەئەنقەست کەوتنە پەلاماردانی ژیانی ناوداران‌و دەوڵەمەندەکان، هاوکات کارکردن بۆ بێزارکردنیان لەرێی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی ژیانیان‌و ئابروچوونە ئەخلاقییەکانیان[7] هەربۆیە تازەیی دەرکەوتنی ئەم مافە بەبەراورد بەمافەکانی دیکە لەلایەك‌و ئاڵۆزیی سنوری ئەو بوارانەی دەکەونە چوارچێوەی مافی تایبەتمەندی‌و ناجێگیری‌و رێژەییبوونەکەی لەلایەکی دیکەوە، بونەتە باعیسی ئەوەی یاساو دەستووری زۆر لەوڵاتانی ئەوروپی‌و خۆرئاواو تەنانەت وڵاتانی عەرەبی‌و لەنێویشیاندا عێراق‌و هەرێمی کوردستانیش هیچ جۆرە پێناسێکی وردو دیاریکراویان نەبێت بۆ چەمکی مافی تایبەتمەندێتی یاخود ژیانی تایبەتی تاکەکان، بەڵکو یەکلاکردنەوەی ئەو کارەیان بۆ دادگاو یاساناسەکان بەجێهێشتووە،[8] بەڵام هەندێ لەرێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان‌و زۆرێك لەشارەزایان‌و پسپۆرانی یاسا، هەوڵی پێناسەکردنی




بیرۆکەی ژیانی تایبەتیان داوە.

پەیمانگەی یاسای ئەمەریکی لەروانگەی پێشێلکردنی ژیانی تایبەتەوە پێناسەی مافی تایبەتمەندێتـی کردووەو دەڵێت: «هەرکەسێك بەشێوەیەکی جدیو بەبێ هیچ هەقێك مافی کەسێکی دیکە پێشێل بکات لەوەی نەهێڵێ کاروبارەکانی بگاتە خەڵکیو وێنەکەی بکەوێتە بەرچاوی جەماوەر، بەرپرس دەبێ لەو کەسەی سەرپێچیی بەرامبەر کردووە».

هەندێکی دیکەش وەها ئەم مافە دەناسێنن کەوا بریتییە لەرێزگرتنی سروشتی تایبەتی کەسەکانو مافی هێمنیو نیشتەجێبوونیان بەبێ شێواندنی خۆشگوزەرانیی ژیانیان هاوکات هەندێکی دیکە ژیانی تایبەت دەبەستنەوە بەژیانی: هاوسەرداریو خێزانی،ماڵومنداڵو بارودۆخی تەندروستییەوە، بەڵام هەندێکی دیکە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوەنو پێیانوایە ژیانی تایبەت مانایەکی بەرفراوانتری هەیەو ناکرێ لەژیانی خێزانداریو سۆزدارییدا سنوردار بکرێت، بەڵکو دەشێ باری دارایش لەخۆبگرێت.[9] بەدەرلەوانە ساڵی 1970ش دادگایەکی فەرەنسی تایبەتمەندێتیی واناساند کە: «مافی تاکەکەسە ژیانی بەوشێوەیە ئاراستەبکات کە خۆی دەیەوێ، مافییەتی بەدووربێت لەهەر هێرشکردنێك بۆ سەر ئازادییەکانی لەرێی بەکارهێنانی ناو و وێنەو دەنگی، هەروەها مافییەتی لەکەرامەتو ناوبانگی، بگرە مافیشییەتی کە لەیادکرابێت».[10]

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەندێ لەیاساناسان مافی ژیانی تایبەت جیادەکەنەوە لەژیانی گشتی بەوپێیەی: «تایبەتمەندێتیی تاکەکانە کە دەتوانن لەناوخۆیاندا بەشێوازێکی نهێنیو دوور لەچاو و زمانی خەڵکی بیپارێزن، هیچ پەیوەندییەکی بەئەرکەکانی ئەو تاکانەوە نییە بەرامبەر کۆمەڵگەو هیچ کاریگەرییەکیشی لەسەر بەرژەوەندیی گشتی نییە، بەبڵاوکردنەوەی ئەو نهێنیانەش هیچ سوودێك بەدینایەت، جگە لەشێواندنی وێنەو متمانەی کەسەکە نەبێت لەلای خەڵکی».[11] پێشتریش ساڵی 1967 لەشاری ستۆکهۆڵم کۆنگرەیەك بۆ پیاوانی یاسایی رێکخراو تێیدا مافی تایبەتمەندێتی پەیوەستکرا بەتایبەتمەندییەکانی ژنانەوەو وەها ناسێنرا کە ژن مافی ئەوەی هەیە ژیانی تایبەتی خۆی بپارێزێت بەکەمترین پلەی دەستوەردانو پارێزگاری لێکردنی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

1. دەستوەردان لەژیانی تایبەتی، یان خێزانی.
2. دەستوەردان لەتەواوکاریی جەستەییو عەقڵی یان وتەکانی لەرووی پرنسیپو رۆشنبیرییەوە.
3. پەلاماردانی ئابروو ناوبانگی.
4. دانانی لەژێر رووناکییە فریودەرەکاندا.
5. بڵاوکردنەوەی هەندێ هەڵوێستی بێزارکەر بۆ سەر ژیانی تایبەتی.
6. بەکارهێنانی ناو یان کەسایەتییەکی هاوشێوەی کەسێتی.
7. سیخوڕیکردنو دزیکردنو کۆنترۆڵکردنی.

8. چاودێریکردنی نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی.
9. خراپ بەکارهێنانی پەیوەندییە کەسییەکانی چ بەنووسراوبێ یان بەزارەکی.
10. بەکارهێنانی زانیارییە وەرگیراو یان بەخشراوەکان بەهۆی ئەو(ژن)ەوە، لەباروودۆخەکانی هەبوونی متمانەی پیشەییدا.[12] لەلایەکی دیکەوە ساڵی 1987 لەشاری ئەسکەندەرییەی میسر، کۆنگرەیەك بۆ مافی ڕێزگرتن لەژیانی تایبەت ڕێکخراو لەیەکێك لەڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیەدا وەها تایبەتمەندێتیی کەسەکان ناسێنرابوو کە: «مافی تاکەکەسە کە ئەوانیدیکە ڕێزی هەموو تایبەتمەندییەکانی بگرن: مادی بێ یان مەعنەوی یان پەیوەندیی بەئازادییەکانییەوە هەبێ، بەمەرجێك ئەوە بەپێوەری کەسێکی ئاسایی دیاریی بکرێت بەپێی دابونەریت و سیستەمی یاسایی کارپێکراوی کۆمەڵگەو بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی».[13] ساڵی 1990ش لەبەریتانیا لیژنەیەکی پسپۆڕ لەپاراستنی تایبەتمەندێتی کە بە The Calcutta committee ناسراوە، بەشێوەیەکی یاسایی پێناسەی تایبەتمەندێتی کردووە بەوەی: «مافی تاکەکەسە پارێزگاری بکرێ دژ بەهەر دەستوەردانێك بۆ سەر کاروباری ژیانی کەسی و پیشەیی یان ئەوەی پەیوەستە بەخێزانەکەی، جا دەستوەردانەکە ڕاستەوخۆبێ یان لەڕێگای بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانەوە بێت».[14]

هەروەك لەم چەند پێناسەیەوە دەردەکەوێ مافی تایبەتمەندێتی مافێکی چڕو بەیەکداچووی نێوان چەند مافێکی دیکەیە و ناکرێ لەچوارچێوەی تاقە پێناسێکی دیاریکراودا سنورداربکرێت و هەموو لایەنەکانی بخرێتەڕوو، هەربۆیە بەپێی جیاوازیی ڕوانین و دیدگای ئەو کەس و لایەنانەی هەوڵی پێناسەکردنی دەدەن، واتاکەی دەگۆڕێت و واتای نوێترو جیاوازتریش دەدەنە ڕەهەندەکانی ژیانی تایبەتی کەسە ئاسایی و ناسراوەکان.

### 4: مافی تایبەتمەندێتی و ڕەهەندەکانی

یاساناسان و پسپۆڕان ناکۆکن لەسەر ناوزەدکردنی ڕەهەندەکانی ئەو بوارانەی چوارچێوەی مافی تایبەتمەندێتی یاخود ژیانی تایبەتی کەسەکان پێکدێنن، ئەوەش وەك لەپێشتردا ئاماژەی بۆ کرا بەهۆی ڕێژەییبوون و ناجێگیریی ڕەهەندەکانییەتی کە نەتوانراوە پێناسێکی دیاریکراو و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆخودی مافەکە دەستنیشان بکرێت، بەڵام هەندێ لەپسپۆڕان و شارەزایانی یاسایی بەگشتی و یاساناسانی فەرەنسی و میسری بەتایبەت، بەپشتبەستن بەهەندێك بڕیاری دادگا کۆکن لەسەر ناوزەدکردنی چەند بابەتێك بەژیانی تایبەتی تاکەکان، کە ڕەنگبێ زۆرجار لەڕێی پەخش و بڵاوکردنەوەیان لەلایەن نێوەندە ڕۆژنامەوانیەکانەوە پەلاماربدرێن و ژیانی تایبەتی کەسەکان پێشێل بکەن بەتایبەت لەو کاتانەدا کە ڕەزامەندی کەسەکان بەهەند وەرناگیرێ و بابەتە بڵاوکراوەکانیش پێچەوانەی سیستەم و ئاکاری گشتی دەکەونەوە.[15]

#### 4 ـ 1: شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە

ئاشکراکردنی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەی کەسەکان بەهێرشکردنە سەر ژیانی تایبەت دادەنرێت بەتایبەت گەر کەسەکان مەبەستیان بێ شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەیان لای هەمووکەس ئاشکرانەبێت و بەدووربن لەچاوی خەڵکی یاخود گەرهاتوو ئاشکراکردنەکە بەبێ ڕەزامەندیی خودی کەسەکان و سوودی بەرژەوەندی گشتی بێت، هەربۆیە یاسای فەرەنسی و میسری ڕێزگرتنی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەی کەسەکانی بەیەکێك لەڕەهەندەکانی مافی ژیانی تایبەت ناوزەدکردووە، چونکە هیچ کەسێك بۆی نییە هێرش بکاتە سەر شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەی تاکەکان یاخود چاودێرییان بکات یان هەڵکوتێتە سەریان و بیانپشکنێ، مەگەر بەبڕیارێکی دادوەرو بەپێی یاسا ئەو کارە بکات. هەربۆیە دادگای فەرەنسی لەبڕیارێکیدا ئاشکراکردنی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەی میری مۆناکۆو ژنەکەی لەپاریس بەسەرپێچیکردنی ژیانی تایبەتی داناوە، چونکە پێچەوانەی ئەوە بووە کە ئەوان ویستویانە کاتێکی ئارام و بێدەنگ لەپاریس بەرنەسەر، بەدوور لەچاو و زمانی خەڵکی.

#### 4 ـ 2: گفتوگۆ کەسییەکان:

گفتوگۆ کەسییەکان و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بەیەکێك لەڕەهەندەکانی ژیانی تایبەتی تاکەکان دادەنرێن کە لەڕێی ئەو گفتوگۆو پەیوەندییانەوە ڕاستەوخۆبێ یاخود بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرێکی تەلەفۆنییەوە،

ئاڵوگۆڕی کۆمەڵێك زانیاریو نهێنیو بیروبۆچوون دەکرێ لەنێوان دووکەس یاخود زیاتردا، هەربۆیە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە گوێ هەڵخات بۆ ئەو گفتوگۆ کەسیو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەی لەشوێنە تایبەتییەکاندا ئەنجامدەدرێن یاخود چاودێریی وتەکانیانان بکات یان تۆماریان کاتو بیانگوێزێتەوە یاخود ناوەڕۆکەکەی ئاشکرابکاتو بڵاوی بکاتەوە یان ژمارە تەلەفۆنەکەی ئاشکراکاتو بڵاویکاتەوە، چونکە ئەوە بەپێشێلکردنی ژیانی تایبەتی تاکەکان دادەنرێت.[16] مەگەر ئەوەی ڕەزامەندیی کەسەکەی لەسەر وەرگیرابێ یاخود بەبڕیارێکی دادوەرو بەپێی یاسا بێت یاخود ئاشکراکردنو بڵاوکردنەوەی سوودو کەڵکی بەرژەوەندیی گشتی تیابێت.

### 3.4: ئاڵوگۆڕی نامەکان:

ناردنو وەرگرتنی نامەکانو ئاڵوگۆڕپێکردنیان، جا دەستنووس بن یاخود چاپکراو و لەرێی پۆستەوە بگوێزرێنەوە یان لەلایەن کەسێکی دیارکراوەوە یاخود مەسیجی ئەلکترۆنی یاخود بەرقیەو تلێکس بن یان هەرشێوەیەکی دیکەی نامەناردن، لەزۆر باردا ئاڵوگۆڕی زانیاریو نهێنیی نێوان نێرەرو وەرگر لەخۆدەگرنو دەچنە چوارچێوەی مافی ژیانی تایبەتی تاکەکانەوەو نابێت ناوەڕۆکەکەیان بخوێنرێنەوە یان کۆپیکرێنو بگوێزرێنەوە یاخود ئاشکراکرێنو بڵاوکرێنەوە، گەرهاتوو ڕەزامەندیی کەسەکانی لەسەر وەرنەگیرا یان هیچ بڕیارێکی دادوەر لەسەر خوێندنەوەو ئاشکراکردنو بڵاوکردنەوەیان نەبوو یان هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی تیانەبوو، دەرخستنو بڵاوکردنەوەیان بەپێشێلکردنی ژیانی تایبەتی تاکەکان دادەنرێت، لێرەشدا دەبێ جیاکاری بکرێت لەنێوان: پارێزگارییکردن لەئاڵوگۆڕی نامەکان، پارێزگارییکردن لەموڵکییەتی نامەکانو پارێزگارییکردن لەناوەڕۆکی نامەکان.[17]

### 4ـ4: ژیانی خێزانیو هاوسەریو سۆزداری:

زۆربەی زۆری یاساناسان هاوڕان لەسەر ناوزەدکردنی ژیانی سۆزداریو هاوسەریو خێزانی، بەرەهەندێکی دیکەی ژیانی تایبەتی تاکەکان، چونکە بەشێوەیەکی گشتی لایەنی سۆزداری کەسەکان بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، هەموو پەیوەندیو نهێنیو هەڵوێستێکی سۆزداری ئامانجێکی گرنگی تاکەکەسنو دەبێ لەچاو و زمانی خەڵکی پارێزراوبن، هەربۆیە لەهەندێ تاوانی پەیوەست بەژیانی سۆزداریدا ڕێگەی بڵاوکردنەوەی مێژووی پەیوەندییە سۆزداریو سێکسییەکانی تاکەکان بەگشتیو کچانو هەرزەکاران بەتایبەت نادرێت، بگرە زۆرجاریش ئەوە لەرۆژنامەوانان یاساغ دەکرێ کە بابەتەکانی هاوسەرێتیو سۆزداریو خێزانداری وەك مارەکردنو جیابوونەوەو کێشە خێزانییەکان تێکەڵ بەنووسینە ڕەخنەئامێزەکان بکرێن، لەبەر ئەوەی زۆربەی لێکۆڵەرەوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەمجۆرە باسو خواسانەی پەیوەستن بەتایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە، هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی، لەبڵاوبوونەوەیاندا نییەو نابێ قسە لەسەر ژیانی سۆزداری کەسەکان بەگشتیو ژیانی خێزانیو سۆزداریو هاوسەریی کەسایەتییە دیارو بەناوبانگەکان بەتایبەت بکرێ یاخود وێنە کەسیو نهێنییەکانیان پەخشو بڵاوکرێنەوە، گەرهاتوو خۆیان ڕەزامەندییان لەسەر نیشان نەدا.[18]

### 4 ـ5: چاودێریی پزیشکیو باری تەندروستی:

باری تەندروستیی مرۆڤو مێژووی نەخۆشکەوتنو سروشتی ئەو نەخۆشییەی تووشی دەبێتو هەموو ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بەچاودێریی پزیشكو هۆکارو ئامرازەکانی چارەسەرکردنەوە هەیە، بەرەگەزێك لەرەگەزەکانی مافی تایبەتمەندێتی یان ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتی تاکەکان دادەنرێن، هەربۆیە یاساناسانی فەرەنسیو میسری کۆکن لەسەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە باسوخواسانە یاخود وێنەگرتنی نەخۆش لەسەر تەختی نەخۆشخانەکان، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی یان پرسوراپێکردنی نەخۆشەکە، بەپێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتی تاکەکان دابنرێن.[19] هاوکات نهێنییەکانی دۆخی دەروونیو عەقڵییش، بەتایبەتمەندێتی ژیانی مرۆڤەکان دادەنرێنو یاسا پارێزگاریی لێدەکاتو ڕێگەی بڵاوبونەوەی هەواڵی ئەو بارودۆخانە نادات، جگە لەوە لەسەر کارمەندانو پزیشکانیش پێویستە نهێنیی پیشەکەیان بپارێزنو بەبێ ڕەزامەندیی خودی نەخۆشەکە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نەدەن.[20] هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە نەخۆشەکە ڕەزامەند نەبێ لەسەر زانینو بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەکەی لای ئەوانیدی یاخود هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی لەئاشکردنیدا نەبێو

دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی دادگا ناچار بەئاشکراکردنی نەکردبێت.

**4 ـ 6: باری دارایی‌و ئابووریی کەسەکان**

یاساناسان‌و دادگاکان سورن لەسەر سزادانی ئەوانەی کە ئاستی ئابووری‌و دارایی کەسەکان یاخود موچەکەیان یان ئەو برە باجەی کە ساڵانە دەیدەن بەدەوڵەت یاخود ئەو میراتەی بۆ کەسێك ماوەتەوە ئاشکراکەن‌و بڵاوی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی بەسەرپێچیکردنی ژیانی تایبەتی تاکەکانی دادەنێن‌و ئەوانەشی بەوکارە هەڵدەستن رووبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی دەکرێنەوە، ئەگەر رەزامەندی خۆی لەسەر نەبێ یاخود هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی لەپشت بڵاوکردنەوەیەوە نەبێت.[21]

**4 ـ7: ڕێزگرتنی جەستەی مرۆڤ**

هەموو کەسێك مافی رێزگرتنی جەستەی خۆی‌و پارێزگاری لێکردنی هەیە، یاساناسانیش لەمبارەیەوە دوو بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان پێیانوایە رێزگرتنی جەستەی مرۆڤ دەچێتە چوارچێوەی رەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکانەوە، لەبەر ئەوە پێویستە کەسەکان بەجۆرێك بژین لەرووی جەستەییەوە پارێزراوبن لەهەر هێرش‌و پەلامارێك کە لەلایەن ئەوانیدیکەوە دەیانکرێتەسەر، ئەمەش لەکاتێکدایە کە زۆربەی ئەو تاوانانەی رووبەرووی کەسەکان دەبێتەوە هەر لەلێدان‌و بریندارکردنەوە تاوەکو بەکوشتن‌و هاوشێوەکانی دەگات، رووبەرووی لایەنی فیزیکی جەستەی مرۆڤ دەبێتەوەو هەقی پارێزگاری لێکردنیان هەیە، جگە لەوەش نابێت تاکەکان بەبێ وەرگرتنی رەزامەندییان ناچاربکرێن بەهەر جۆرە پشکنینێکی پزیشکی یان دەروونی یاخود هەرجۆرە نەشتەرگەرییەك کە پەلاماری ژیانی تایبەتیان بدات، بەڵام هەندێکی دیکە لەیاساناسان پێیانوایە رێزگرتنی جەستەی مرۆڤ ناچێتە چوارچێوەی رەهەندەکانی مافی ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە، بەڵکو سەلامەتیی جەستەو پارێزگاری لێکردنی بەبەشێك لەدەرکەوتەکانی ئازادیی تاکەکەس دادەنێن.[22]

**4 ـ8: مافی وێنە**

شارەزایانی یاسایی لەسەر وێنە کەسییەکانی تاکەکان کۆکنین، هەندێکیان بەرەهەندێکی گرنگی مافی تایبەتمەندێتیی مرۆڤەکانی دادەنێن‌و هەندێکی دیکەشیان مافی وێنە کەسییەکان بەمافێکی سەربەخۆ دادەنێن. لەهەردوو بارەکەدا مرۆڤەکان مافیان بەسەر وێنە کەسییەکانی خۆیانەوە هەیەو دەتوانن رێگربن لەوەی کەسێك وێنەیان بگرێ یان نیگاریان بکێشێت گەرهاتوو خۆیان رەزامەندییان پیشان نەدابوو، هەروەها مافی ئەوەشیان هەیە لەحاڵەتی وەرنەگرتنی رەزامەندییاندا نەهێڵن وێنەکانیان لەنێوەندە رۆژنامەوانیەکاندا پەخش‌و بڵاوبکرێنەوە، بەڵام ئەگەر بڵاوکردنەوەکە بەهایەکی هەواڵیی هەبێ‌و لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدابێ یاخود وێنەکە لەکاتی رووداوەکاندا گیرابێ بۆ نموونە لەوێنەی ئاگرکەوتنەوەیەکدا گەر دەموچاوی چەند کەسێکیش تیا دەربچێت ئاساییە، بەمەرجێك دیمەنی ئابڕوبەری تێدانەبێت یان وێنەی کەسایەتییە گشتیەکان وەك سیاسەتمەدارو هونەرمەندان، بەمەرجێك وێنەکە پەیوەندیی بەژیانی تایبەتییانەوە نەبێت.[23]

**4 ـ9: مافی مرۆڤ لەسەر ناوی خۆی**

مرۆڤ لەرێی ناوەکەیەوە کە بووەتە ناسنامە بۆی، جیادەکرێتەوە لەتەواوی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە. ئەگەرچی بەلای هەندێك لەیاساناسانەوە ناوی مرۆڤ ناچێتە چوارچێوەی رەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکانەوە، لەبەر ئەوەی ناو خۆی بۆخۆی هەڵگری سیفەتی ئاشکراییەو شاراوەنییە لای ئەوانیدی، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەرەهەندێکی مافی تایبەتمەندێتی دادەنێن، لەبەر ئەوەی هەندێ کەس ناوی سەرەکیی خۆیان ئاشکراناکەن، بەڵکو بەناوێکی خوازراو یان بەنازناوێکی دیاریکراوەوە ناسێنراون‌و زۆرکەسیش ناوە سەرەکییەکەیان نازانن‌و پێشیان خۆش نییە، ئەوانیدیکە دەست وەردەنە مافی تایبەتمەندێتیی ناوەکانیان‌و ئاشکرایکەن، ئەمەش لەکاتێکدا گەر خۆی رەزامەند نەبوو لەسەر ئاشکراکردن‌و بڵاوکردنەوەی یاخود هیچ گرفتێکی یاسایی نەبوو لەبەردەم ئاشکرانەکردنیدا.[24]

**4 ـ10: ژیانی پیشەیی**

بێگومان هەموو پیشەیەك نهێنیی تایبەتی خۆی هەیەو زۆربەی یاساکانیش جەخت لەسەر پێویستیی

پاراستنی نهێنییەکانو کاروبارە تایبەتییەکانی پەیوەست بەپیشەکان دەکەنەوە، بۆ نموونە دکتۆر نهێنیی تایبەتی نەخۆشەکانیو هاوڕێ دکتۆرەکانی نابێت ئاشکراکاتو بڵاویانکاتەوە گەرهاتوو پێویستییەکی یاسایی یان بەرژەوەندییەکی گشتی لەئارادا نەبوو، چونکە لەئاشکراکردنی نهێنییەکانی پیشەکەیاندا پیشەگەران دووچاری لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە، ئەوەتا یاسادانەری میسری بەپێی مادەی 310ی یاسای سزادان، لەپای تاوانی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پیشەدا سزای زیندانیکردنی داناوە بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێ لەشەش مانگ یاخود بەپێبژاردنێك کە لە 500جونەیهی میسری زیاتر نەبێت، هاوکات یاساناسان لەسەر چالاکییەکانی ژیانی پیشەییو چالاکییەکانی وەزیفەی کەسەکان کۆکنیڕو هەندێکیان ژیانی پیشەیی دەخەنە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانی تایبەتو هەندێکی دیکەشیان بەرەگەزێکی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکانی دادەنێن.[25]

**4 ـ11: مافی دەستوەردان لەوانەی لەیادکراون**

مەبەست لەم مافە هەڵدانەوەی نهێنییەکانی ئەو کەسو رووداو و بەسەرهاتو یادەوەرییانەیە کە ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕبووەو لەیادکراون، لەئێستاشدا رووناکییان دەخرێتە سەرو دەهێنرێنەوە بەرباسو لێکۆڵینەوە، کە لەمەشدا یاساناسان کۆکنیڕو هەندێکیان مافی دەستوەردان لەوانەی لەیادکراون دەخەنە دەرەوەی چوارچێوەی رەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکانو بەمافێکی سەربەخۆی ناوزەد دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە بەرەهەندێکی ژیانی تایبەتی دادەنێنو دەیبەستنەوە بەبەرژەوەندیی مێژووییەوە، بەتایبەت لەخستنەوە بەرباسو ئاشکراکردنی ئەو واقیعو رووداوە مێژووییانەی پەیوەندییان بەژیانی کەسایەتییە ناسراوەکانەوە هەیە، بۆ نموونە ژیانی سەرکردەو سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی وڵاتانو پاشاو ئەمیرەکان، جا ژیانی سۆزداریان بێ یان باری تەندروستیو خێزانیو هاوسەرداریێتیو سروشتی کەسایەتییانو ئەو بڕیارو راسپاردانەی لەسەروەختی حوکمڕانییاندا بەنهێنیو ئاشکرا دەریانکردوونو زۆر وردەکاریی دیکەی ژیانیان،



که ڕەنگبێ لەمڕۆدا باسکردنیان سوودی بەرژەوەندیی گشتی تیابێت. هەربۆیە ئاشکراکردن و هەڵدانەوەی ئەم لایەنانە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی خودی کەسەکان یاخود کەسوکارە نزیکەکانیان لەحاڵەتی نەمانیاندا، بەپێشێلکاریی ژیانی تایبەت دادەنرێ، گەرهاتوو هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی نەبوو لەباسکردن و بڵاوکردنەوەی ئەوانەی لەبیرکراون.[26]

## 4ـ12: کاتەکانی پشوو، دەستبەتاڵی

هەندێ لەیاساناسانی فەرەنسی پێیانوایە تەواوی ئەو چالاکییە گشتیانەی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە ئەنجامدەدرێن لەشوێنە گشتیەکاندا ناچنە چوارچێوەی ژیانی تایبەتەوە، بەڵکو دەچنە چوارچێوەی ڕەهەندەکانی مافی ژیانی گشتی هاووڵاتیانەوە کە لەکاتی دەستبەتاڵی و پشوو و حەوانەوەیاندا پێیهەڵدەستن، بەڵام هەندێکی دیکەیان کاتەکانی ڕابواردن و دەستبەتاڵی بەڕەگەزێکی دیکەی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکان ناودەبەن، ئەوەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنەی کە کاتەکانی تیا بەسەردەبەن گشتی بێ یان تایبەت بێ بەشوێنی پشوودان و بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵی، چونکە گەر لەشوێنێکی گشتیدابێ ئەوا وەك ئەوە وایە کە ناڕاستەوخۆ ڕەزامەندیی نیشاندابێت، بەڵام گەر شوێنێکی سنوردارو سەرداپۆشراو و تایبەتدا بوو، ئەوا کەسەکە هەقی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو کاتانەی هەیە کە لەو شوێنەدا بەسەریان دەباو بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نابێ هەواڵ و زانیاریو وێنەکانیان یاخود ناونیشانی شوێنەکەیان بڵاوکرێتەوەو ئاشکرابکرێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەرژەوەندییەکی گشتی هەبێ لەو بڵاوکردنەوەیەدا، وەگەرنا بەپێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکان دادەنرێت.[27]

## 5: مافی تایبەتمەندێتی و پەیوەندیی بە کاری ڕۆژنامەوانیەوە

ڕۆژنامەوانی و نێوەندە جیاجیاکانی لای زۆربەی زۆری زانایانی کۆمەڵناسی بەدامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەد کراوە، دامەزراوەش لەزانستی کۆمەڵناسیدا وەها ناسێنراوە کە: «سیستمێکی ڕێکخراوە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە هەندێك لەبەهاو پرۆسە هاوبەشەکان دەگرێتەوەو بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك لەپێویستییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە هاتووەتە ئاراوە»[28] هەربۆیە ڕۆژنامەوانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵ و ژیانی گشتی و تایبەتی کەسەکاندا هەیە، چونکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و کارتێکردنێکی هاوبەش لەنێوان ڕۆژنامەوانی و کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵدا هەیە[29] کە هەر ئەمەشە زۆرجار وادەکات کەناڵە جیاجیاکانی ڕۆژنامەوانی؛ میتافۆری ئاوێنەیان بۆ بەکاربهێنرێ و بەو ئاوێنە ڕوونە وێنابکرێن کە تاکەکانی کۆمەڵ ڕووخساری خۆیانی تیادەبیننەوەو خواست و داواکاری و دەردەدڵییەکانی خۆیان لەڕێی ڕۆژنامەوانیەوە دەگەیێننە ناوەندەکانی بڕیارو ئۆرگانەکانی دەسەڵات و حکومەت، هەروەك (بەیار ئەلبێر) دەڵێت: دەشێ ڕۆژنامەوانی بەبەرهەمێکی پیشەسازی و داهێنراوێکی هزری بزانین یاخود بەبڕوای (ئەدۆلف ئۆخس)، ڕۆژنامەوانی: پیشەیەکی ڕێکخراوە کە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکات یان ئەو پیشەیەیە کە لەپیادەکردنیدا پاڵنەرە حیزبی و ئایدۆلۆژییەکان فەرامۆشدەکرێن و بەبێ لایەنگیریکردن و بەشێوەیەکی دادوەرانەو بەویژدانەوە، بیروبۆچوونە تەباو نەیارەکان پەخش و بڵاودەکاتەوە.[30] هەربۆیە گرنگە ڕۆژنامەوانی بەچاوێکی وردەوە بڕوانێتە ڕەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتی و بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ویژدانپاکییەوە، مامەڵە لەگەڵ ژیانی تایبەتی کەسەکان و ئەو زنجیرە تۆمەتانە بکات کە بەسەریاندا دەبڕێنەوە، چونکە هەموو کەسێك ئەگەری لەڕێلادان و هەڵە و کەموکورتی یاخود تۆمەتبارکردنی دەستئەنقەستی لەلایان نەیارانییەوە هەیە؛ دەشێ پاش ڕوونبوونەوەی تۆمەتەکە یان پاش سزادان و لێپرسینەوەی یاسایی دووبارە بواری دەرکەوتن و کەوتنەوە سەرسکەی ئاسایی خۆی، بۆ هەڵکەوێتەوەو بگەڕێتەوە نێوکۆمەڵگە.

ئەو ناوەندە ڕۆژنامەوانیانەی خۆیان بە بەرپرسیاری بەرژەوەندیی جەماوەر دەزانن، نابێ دەستبخەنە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکان و ژیانیان بشێوێنن، هەتاوەکو ئەگەر کەسێکیش بەپێی یاسا دەسگیرکرابوو، بۆیان نییە بەر لەوەی دادگا تاوانباربوونی بسەلمێنێ؛ تاوانباریکەن و ناوبانگی بشێوێنن، چونکە هەموو تۆمەتبارێك بێتاوانە، تا ئەوکاتەی تۆمەتەکەی بەسەردا ساغدەبێتەوە.* جگەلەوەش ڕۆژنامەوانی: «مافی خۆهەڵقورتان و دەستتێوەردانی

نییە لەژیانی تایبەتی کەسدا بەبێ فەراهەمکردنی ئەوەی کە ئەم دەستتێوەردانە لەبەرژەوەندیی گشتیدایەو تەنها بۆ تێرکردنی فزولی خوێنەرانی نییە».[31] هەر لەوبارەیەوە د.حەسەن عماد مەکاوی لەتوێژینەوەیەکیدا ئاماژە بۆ چوار رەگەزی سەرەکیی پەلاماردانی تایبەتمەندێتیی تاکەکان دەکات کە لەلایەن یاساناسی ئەمەریکی (William L. Prosser)ەوە، دەستنیشانکراون‌و پوختەی ئەو چوار رەگەزەش بریتین لە:

1. پەلاماردانی مادی یان خۆهەڵقورتاندن لەکاروبارە تایبەتییەکان‌و نهێنیی کەسەکان. بەنمونە ئەگەر پۆلیس تۆمەتبارێکی دەسگیرکردو پاشتر لەلایەن وێنەگرێکەوە وێنەی گیراو لەهەواڵەکاندا بڵاوکرایەوە، ئەوا لەو کاتەدا دەشێ وێنەگرەکە تۆمەتی پەلاماردانی بخرێتەپاڵ‌و بەکارهێنانی وێنە فۆتۆگرافیەکەش بۆ ئەو حاڵەتە (کە هێشتا دادگا تاوانباربوونی نەسەلماندووە) بەپەلاماردان بۆ سەر تایبەتمەندیی ئەو تۆمەتبارە دابنرێت.

2. ئاشکراکردنی گشتیی نهێنییە تایبەتییەکان بۆ هەمووان؛ واتە ئاشکراکردن‌و بڵاوکردنەوەی نهێنیی ژیانی تایبەتی کەسێك، کە حەزنەکات خەڵکی بەو نهێنییەی بزانن‌و بەچاوی گومانەوە سەیریکرێت؛ ئەمەش بەسەر بەرهەمهێنەرانی فیلمیThe Red Kimonoدا هات، کە فیلمەکە باس لەژیانی پێشووی ئافرەتێکی سۆزانیی کردبوو، بەڵام ئەو ئافرەتە پاش وازهێنانی لەکاری لەشفرۆشی شویکردبووەوەو بووبووە ئەندامێکی پەسەندکراوی کۆمەڵگە. لەم فیلمەدا کاری لەشفرۆشیی ژنەکە ئاشکراکرابوو، بڵاوکرابویەوە. ئەمەش بووە هۆی شێواندنی ژیانی تایبەتی ژنەکەو دوای ئەوەی سەلماندی ئاشکراکردنی نهێنییە تایبەتییەکانی ئەوکاتی ژیانی، دەبنە هۆی ئازاردانی‌و ژیانی تایبەتی دەخەنە مەترسییەوە توانیی کێشەکەی لەدادگا بباتەوە.

3. خستنەژێر رووناکییەکی دروستکراو؛ بەواتای رووناکی خستنە سەر کەسێك‌و دەرخستن‌و بڵاوکردنەوەی، بێئەوەی هیچ پەیوەندی‌و بەهایەکی هەواڵیی هەبێت. کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی ئەمەریکا وێنەی دەستگیرکردنی کەسێك‌و کەلەپچەکردنی بڵاوکردبوەوە، بەڵام دوای ئەوەی دادگای باڵای ئەو وڵاتە رایگەیاند، بەبێ هەبوونی بەهایەکی هەواڵی، راگەیاندن‌و رۆژنامەوانی ئەومافەیان نابێ کە بەئەنقەست راستییە ئابرووبەرییەکانی هاووڵاتییەك بخەنەروو، کەناڵەکە ناچاربوو وەك قەرەبۆ بڕی 15هەزار دۆلار بداتە ئەو کەسەی وێنەکەی بڵاوکرابووەوە.

4. دەستبەسەراگرتنی ناوی کەسێ یان وێنەکەی بۆ بەجێهێنانی سوودو بەرژەوەندیی کەسێکی تر؛ بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پرسێکی پێکرابێ یاخود رەزامەندیی وەرگیرابێ؛ ئەمەش بە پەلاماردانی تایبەتمەندێتی دەژمێردرێت‌و لەگەڵ ئیتیکی پیشەی رۆژنامەوانیدا نایەتەوە.[32]

ئەگەرچی لای زۆر کەس شتێکی روون‌و ئاشکرایە کە رۆژنامەوانی‌و نێوەندە جیاجیاکانی لەپێناوی سودو بەرژەوەندیی گشتیدا پەیامەکانی خۆی دەخاتەروو، مافی ئەوەی نییە دەستوەرداتە نێو تایبەتمەندییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە؛ بەڵام لەگەڵ جەختکردنەوەشدا لەسەر ئەم راستییە رۆژنامەوانان بۆچوونی لێکجیایان هەیە لەبارەی ئەو کەسانەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەتمەندییەکانی ژیانی کەسەکان بەپێویست دەزانن.

هەندێك پێیانوایە کەسایەتییە دیارو ناسراو و ناودارەکان، مافی ئەوەیان نییە نهێنییە تایبەتییەکانیان بپارێزن، چونکە هەرجۆرە کارێکی سلبی‌و نەشیاوی ئەوان، رەنگدانەوەی لەسەر راپەڕاندنی کارەکانیان دەبێت‌و ئەمەش زیان بە بەرژەوەندییە گشتیەکانی هاووڵاتیان دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ رای گشتی لێیان ئاگاداربێ‌و چاودێریی جموجوڵەکانیان بکرێت، بەڵام هەندێکی دیکە ئاشکرانەکردنی نهێنیی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییە ناسراو و بەناوبانگەکان بەمافی خۆیان دەزانن، چونکە ئەوە تایبەتمەندێتی ژیانیانە‌و مافی خۆیانە پارێزگاریی لێبکەن.

بڕیاردان لەبارەی پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتی ژیانی کەسەکان، شتێکی هەروا سادەو سەرپێیی نییە کەوا تۆمەتی بێبنەما بۆ کەسێك ریزکرێ، چونکە ئەمجۆرە بابەتانە ئەوەندەی بابەتگەلی ئەخلاقین، یاسایی نین. بۆیە پێویستە رۆژنامەوانان لەم ساتانەدا خۆیان بخەنە شوێنی ئەو کەسەو وێنای ئەوە بکەن گەر لەجێی کەسێك کە تایبەتمەندییەکانی دەخرێتەروو، ئەوان بونایە چ هەڵوێستێکیان دەبوو؟ چونکە نەبوونی بەڵگەی باوەڕپێکراو بۆ دەرخستن‌و سەلماندنی ئەمجۆرە بابەتانە‌و نەبوونی هیچ جۆرە سودو بەرژەوەندییەکی گشتی، رۆژنامەوان

دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی ئیتیکیو دواتریش یاسایی.

## 6: مافی تایبەتمەندێتیو بنچینەی یاسایی

مافی تایبەتمەندێتی تاکەکان لەرووی یاساییەوە پارێزگاریی لێکراوەو یاساو دەستوری وڵاتانو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیش جەختیان لەسەر کردوەتەوەو سزای یاساییشیان بۆئەو کەسانە دیارییکردووە کە پێشلی رەهەندەکانی ئەم مافە دەکەن.

### 6 ـ 1: مافی تایبەتمەندێتی لەدەستوری ئەمەریکیدا

لەکولتووری وڵاتانی خۆراوادا پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. لەوڵاتێکی وەك ئەمەریکاشدا گەرچی بەدەق وشەی تایبەتمەندێتی (Privacy) لەدەستوری ئەمەریکیدا نەهاتووە، بەڵام لەهەموارکردنی هەشتەمو چواردەیەمی دەستوردا بوونی هەیە، کە ئەوەش پەیوەستە بەپاراستنی ژیانی تاکەکان دژ بەدەستوەردان یان خۆهەڵقورتاندن، هەروەك لەچاککاری چوارەمی دەستوریشدا جەخت لەوەکراوەتەوە کە: «تاکەکان مافی رێزگرتنی کەسایەتیو شوێنی نیشتەجێبوونو کاغەزەکان (نامەو بەڵگەنامەکان)و زەوییوزارو شتومەکە تایبەتییەکانیان هەیەو نابێ هێرشیان بکرێتەسەرو بەشێوەیەکی نایاسایی بپشکێنرێنو کۆنترۆڵ بکرێن....»، بەدەر لەوانە ساڵی 1890 هەریەك لە لویس براندیسو سامۆئیل وارین لەمیانی وتارە بەناوبانگەکەیانەوە، شێوەیەکی یاساییان بەخشییە مافی ژیانی تایبەتو داوای سەرلەنوێ پێداچوونەوەی یاساکانیان کرد لەپێناو «مافی چێژوەرگرتن لەژیان ... مافی مانەوە بەتەنهایی» ئەوەش بەمەبەستی پارێزگاریکردن بوو لەم مافە مەدەنییەی تاکەکان.[33]

### 6 ـ 2: مافی تایبەتمەندێتی لەجاڕنامەو بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەرۆژی 10/12/1948دا راگەیەنراوەو لە 30 بەند پێکهاتووە. بەندی دوانزەیەمی ئەو جاڕنامەیە جەخت لەسەر مافی تایبەتمەندێتی دەکاتەوەو تێیدا هاتووە: «هیچ کەسێك رووبەرووی دەستوەردانی نارەوا نابێتەوە بۆ سەر ژیانی تایبەتی خۆی یان خێزانەکەی یان شوێنی نیشتەجێبوونی یان نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی یاخود هێرشبکرێتە سەر شکۆو ناوبانگی، هەموو کەسێك مافی پارێزگارییکردنی یاسایی هەیە لەو دەستوەردانو هێرشانە».*

پاش تێپەڕبوونی 18ساڵ بەسەر ئەم جاڕنامەیەداو ساڵی 1966 بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان لەبەندی حەڤدەیەمیدا، ئاماژەی بۆ رەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتی یان ژیانی تایبەتی تاکەکان کردووەو تێیدا نووسراوە: «نابێ بەزۆر یاخود بەشێوەیەکی نایاسایی دەست وەربدرێتە تایبەتمەندییەکانی کەسەکان یان خێزانەکانیان یاخودماڵو نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانیان، هەروەك چۆن ناشبێ پەلاماری شکۆو ناوبانگیان بدرێو هێرشیان بکرێتەسەر. هەموو کەس مافی یاسایی پاراستنی خۆیی هەیە دژی ئەم دەستێوەردانو پەلاماردانانە».

### 6 ـ 3: مافی تایبەتمەندێتی لەیاساو دەستوری وڵاتە عەرەبییەکاندا

پاراستنی پرەنسیپی تایبەتمەندێتی لەزۆربەی یاسا رۆژنامەوانیەکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا بەدەق ئاماژەی بۆ کراوەو تێیدا هاتووە: بەسەرپێچیکردنی مافی تایبەتمەندێتی دادەنرێ گەرهاتوو کەسێك بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی خۆی  ناوی یان وێنەکەی لەریکلامێکی بازرگانییدا بەکارهێنرا، هەروەك بەندی 57ی دەستوری میسرییش جەخت لەوە دەکاتەوە کە: بەتاوان دادەنرێت، هەر پەلاماردانێك بۆسەر ئازادیی تاکەکەسو پیرۆزیی ژیانی تایبەتی هاووڵاتیانو مافو ئازادییە گشتییەکانی دیکە کە دەستورو یاسا پارێزگارییان لێدەکەن. هەروەها لەمادە 193ی یاسای سزادانی میسری هاتووە: یاساغە بڵاوکردنەوەی ئەو سکاڵایانەی مۆرکێکی خێزانیی تایبەتیان هەیە وەك: سکاڵای تەڵاقو جیابوونەوەو داوێنپیسی.

دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، لەمادەی 79ی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی خۆیدا ئاماژەی بەرەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتی کردووەو ئەوە دەقنووسکراوە کە: هەرچەندە راستیش بن، نابێ هەواڵەکان یاخود وێنە خێزانییەکانی کەسەکان بڵاوبکرێنەوە، گەرهاتوو لەبڵاوکردنەوەیاندا زەرەرو زیان

کەوتەوە، هەروەك چۆن ناشبێ ئەو بابەتانە بڵاوبکرێنەوە کە ئاشکراکردنی نهێنییان لەخۆگرتووەو ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێ زیان بەئابرووی کەسێ یاخود بەموڵكو ماڵەکەی یان بەناوە بازرگانییەکەی بگەیەنن یاخود بڵاوکردنەوەی باسوخواسێك کە مەبەست لێی هەڕەشەلێکردن یان ناچارکردن بێ بۆ پێدانی پارە یاخود پێشکەشکردنی سوودێك بێ بەکەسانێ یان بێبەشکردنی بێ لەئازادیی کارکردن. هەروەها لەمادەی ژمارە 30ی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی سوڵتاننشینی عوممانیش هاتووە: نابێ هەواڵەکان یان وێنەکان یاخود ئەو کۆمێنتانەی پەیوەندییان بەنهێنییەکانی ژیانی تایبەت یان ژیانی خێزانیی کەسەکانەوە هەیە بڵاوبکرێنەوە، مەگەر ئەوەی بڵاوکردنەوەکە ڕاپەڕاندنی حوکمێکی دادوەری بێ یان بڕیارێکی کارگێڕی بێو بۆ بەرژەوەندیی گشتیی پێویست بێ، ڕەخسانی هەلی بڵاوبونەوەشی بەبڕیاری وەزیری ڕاگەیاندن بێت. بەدەر لەوانە بڕگەی (ی) لەمادەی ژمارە 47ی یاسای چاپەمەنییو بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی قەتەر ئاماژەی بۆئەوەکردووە کە: نابێ دەقی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەکانی پەیوەست بەباسوخواسەکانی باری کەسێتی بڵاوبکرێنەوە، گەرهاتوو دادگا پەیوەندیدارەکە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی نەدابوو. هەروەها لەبڕگەی (ك)ی هەمان یاسادا هاتووە: نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە ئیمکانی ئەوەیان هەیە زیان بگەیەنن بەئابرووی کەسێك یان بەسەروەتەکەی یاخود بەناوە بازرگانییەکەی یان بەمەبەستی ناوزراندنی یان ناچارکردنی بەپێدانی پارە یاخود پێشکەشکردنی سوود بەکەسانی تر یان بێبەشکردنی لەپەیوەندییکردن بەکارەکەیەوە.[34]

**6 ـ 4: مافی تایبەتمەندێتی لەیاساو دەستوری عیراق**

ئەگەرچی یاساو دەستورەکانی پێشووی عیراق هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە بۆ پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی تاکەکان، بەڵام لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لەپاش کەوتنی ڕژێمی بەعسو رووخانی حکومەتەکەی سەدام حسێن، لە 9/3/2004 لەلایەن ئەنجومەنی حوکمڕانیی کاتیی عیراقەوە ئیمزای لەسەرکرا، بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا ئاماژەی بەپاراستنی ئەم مافە کردبوو.

هەروەها لەبڕگەی یەکی مادەی 438ی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969یشدا، پارێزگاری لەمافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی کەسەکان کردووەو بەدەق هاتووە: «بەبەندکردنی کە لەساڵێك زیاتر نەبێو پێبژاردن کە لە100دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێکیان سزادەدرێت ئەوەی بەیەکێك لەرێگا ئاشکراکان هەواڵێك یان وێنەیەك یان کۆمێنتێکی پەیوەست بەنهێنییەکانی ژیانی تایبەتو خێزانداریی تاکەکان بڵاوبکاتەوە هەتاوەکو ئەگەر راستیش بێت، مادەم لەبڵاوبوونەوەیدا زەرەریان پێبگەیەنێت».[35]

**6 ـ 5: مافی تایبەتمەندێتی لەیاساو دەستوری هەرێمی کوردستان**

یاسای چاپەمەنیی ژمارە 10ی ساڵی 1993ی هەرێمی کوردستان باسی لەمافی تایبەتمەندێتی یان ژیانی تایبەتی تاکەکان نەکردووە، بەڵام لەڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستانو لەبەندی 27ی مافە مەدەنییەکانی ئەو ڕەشنووسەدا بەندی دوانزەیەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی دووپاتکردووەتەوە کە دەڵێت: تۆمەتبار، بێتاوانە تا ئەو کاتەی لەدادگاییکردنێکی دادپەروەری یاساییدا، تاوانەکەی دەسەلمێنرێت، هەروەها لەبەندی 35ی هەمان ڕەشنووسدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە:

یەکەم: نشینگەو ئەو شوێنانەی هاوشێوەی ئەون ڕێزیان لێدەگیرێتو پێشێلکردن یان چوونەناویان، پشکنین یان چاودێریکردنیان دروست نییە، تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا دەستنیشانی کردوون.

دووەم: بەپێی یاسا نەبێت هیچ کەس یان شتومەکەکەی ناپشکنرێت.

بەدەر لەوانەش لەچەند بەندێکی دیکەی ئەم ڕەشنووسەدا کە هێشتا پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەرنەکردووەو پەسەندنەکراوە، ئاماژەی بەچەند ڕەهەندێکی دیکەی مافی تایبەتمەندێتی کردووە، هاوکات لەپرۆژەی یاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندنیشدا، کە لەساڵی 2008دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە، بەمشێوەیەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دووان لەڕەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتی کردووە:

ماددەی یەکەم: هەر کەسێ تەلەفۆنی خانەیی (الخلوی) یان دەزگاکانی گەیاندنی بەتەل یان بێتەل، یان

ئەنتەرنێت، یان بەریدی ئەلیکترۆنی بۆ خراپەکاری بەکار بهێنێ، بەحەپس سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێتو لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێتو بە غەرامەیەکیش لەیەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێتو لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بەیەکێك لەو دوو سزایە، ئەو خراپ بەکارهێنانەش ئەوەیە کە بە هەڕەشە، یان بە تەشەرو جوێن، یان بڵاوکردنەوەو ئاشکراکردنی گفتوگۆ، یان وێنەی چەسپاو و نەچەسپاو، یان نامەی کورت (مێسج)ی بێئەخلاقیو دژ بەئاکاری گشتی، یان ڕەسمگرتنی بێئیزنو بێموافەقەت، یان شتێك کە شەرەف بزڕێنێ، یان گاڵدانی تێوەگلانی تاوان، یان ڕەفتاری گوناەو فسق، یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی نهێنی چ ڕاست، چ درۆ دەربارەی ژیانی تایبەتیو خێزانی تاکە تاکەی خەڵك، کە لەهەر ڕێگایەکەوە بەدەستی هێنابێت، کە بڵاوکردنەوەو ئاشکراکردنو دابەشکردنیان ببێتە مایەی خراپیو زیانیان پێبگەیەنێت.

ماددەی دووەم: هەر کەسێ بەدەستی ئەنقەست ببێتە مایەی بەکارهێنانی تەلەفۆنی خانەیی (الخلوی)، یان دەزگاو ئامێرێکی بەتەل یان بێتەل، یان ئەنتەرنێت، یان بەریدی ئەلیکترۆنی بۆ بێزارکردنی کەسێکی دی بەدەر لەو حاڵەتانەی کە لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەوە بەحەپس سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك لەشەش مانگ کەمترنەبێتو لەسێ ساڵ زیاتر نەبێتو بەغەرامەیەکیش لەحەوت سەدو پەنجا هەزار دینار کەمترنەبێتو لەسێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بەیەکێك لەو دوو سزایە سزا دەدرێت[36]

باسنەکردنی پاراستنی ڕەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتی لەیاسای چاپەمەنیو ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا، کەموکوڕیینو پێویستە لەسەر یاساناسان زووبەزوو چارەسەری بکەن، بەڵام هەموو ئەو کەموکورییانەش ناکاتە ئەوەی: دەستوەردانو پەلاماردانی ڕەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتی یاخود ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە ڕێپێدراو بێت، بەڵکو بەکارێکی نایاسایی دەژمێردرێو لێپرسراوێتیی تاوانکاریو شارستانییەتیش لەسەر ئەنجامدەرەکەی دروستدەکات.

## 7: مافی تایبەتمەندێتیو ئیتیکی ڕۆژنامەوانی§

پێڕەوییکردنی پێوەرە ئیتیکییەکانی ڕۆژنامەوانی: (بەرپرسیارێتی، وردبینیو ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی، ئازاییو ئازادی، جیاکاریو بێلایەنی، بابەتیو دەستپاکی، هاوسەنگی، تایبەتمەندێتی، دادوەری، پاراستنی نهێنی، ناساندنو جوانکاری، ڕێزگرتنی بەهاکان، هاریکارینەکردن) کۆتو بەندی سەر ڕۆژنامەوانان نین، بەڵکو زنجیرە ڕێسایەکی ویژدانیی ڕێنیشاندەرنو لە هەبوونی ئازادیو شەقامی دیموکراسیدا دەبنە ئەو گڵۆپە سورانەی؛ ڕێکخستنو هەماهەنگی بە شەقامەکانی ڕۆژنامەوانی دەبەخشنو ڕۆڵی بەرپرسیارانەی پیشەکەشیان بەبیر دەهێننەوە، چونکە ڕۆژنامەوانی بەبێ ئازادیو سیستمی دیموکراسی، ناتوانێ بەرۆڵی بەرپرسیارانەی خۆی هەستێو لەئاستی متمانەی ئەو جەماوەرە بەرفراوانەدا بێت کە ناوەندەکانی ڕۆژنامەوانی؛ بە (سی)ی دووەمی خۆیان دەزاننو پێیانوایە گەرووی ڕۆژنامەوانیە، (هەناسە)کانیان دەگەیێنێتە دەسەلاتو وەڵامی دەسەڵاتیان بۆ دێنێتەوەو پارێزگاری لەمانەوەو بەردەوامیی ئازادییەکانیان دەکات، هەربۆیە مامەڵەکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی تاکەکان زۆر هەستیارە، چونکە ئامانجی پێوەرە ئیتیکییەکان دروستکردنو پتەوکردنی متمانەی نێوان نێوەندە ڕۆژنامەوانیەکانو وەرگرانە، کە زۆرجار لەدەرەنجامی پێشێلکردنی ڕەهەندەکانی مافی تایبەتمەندێتییەوە وەرگران لەنێوەندە جیاجیاکانی ڕۆژنامەوانی دەتەننەوەو چیدی متمانەی ئەوەیان پێناکەن بیانکەنە سەرچاوەی زانیاریو هەواڵەکانیان یان ئەو سەکۆیەی دەنگی لێوە هەڵبڕنو خواستو داواکارییەکانی خۆیان بخەنەڕوو.[37] هاوکات بەڵگەنامەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیو پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەوانی زۆر لەڕێکخراو و سەندیکاکانی ڕۆژنامەوانانیش جەخت لەسەر پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی کەسەکان دەکەنەوەو بەیەکێك لەپرنسیپە سەرەکییەکانی خۆیانی دادەنێن، هەر بۆ نموونە کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکان کە بەسیگما دەلتاچی ناسراون لەیەکێ لەپرنسیپەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووەتەوە کە: «پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەرچەرخێنە سەر پەلامارنەدانی مافی کەسەکان لەتایبەتمەندێتییاندا». هەروەها یەکێ لەبەندەکانی پەیماننامەی نووسەرانی ئاژانسی ئەسۆشەیتدپرێس ئەوەیە کە: «ڕێزی مافی تاکەکان بگرن لەتایبەتمەندێتیدا»، بەدەر لەوانەش

پەیماننامەی یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆن RTNDA جەخت لەوە دەکاتەوە کە: "رۆژنامەوانانو ئێزگەییەکان دەبێ لەهەموو کاتێکدا رەچاوی رێزگرتنی مرۆیی بکەن بۆ تایبەتمەندێتیی فەردیو بەباشی بەرخورد لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە هەواڵەکان دەیانگرنەخۆ".[38]

## 8: مافی تایبتمەندێتیو پێشێلکردنی لەرۆژنامەوانی کوردیدا

رۆژنامەوانی کوردی، کە سەرەتاکانی خۆی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بەدیاریکراوتر لە22ی نیسانی 1898 لەقاهیرەی پایتەختی میسر بەرۆژنامەنووسی دەستی پێکرد؛ لەرۆژگارێکی درەنگوەختداو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، توانی بپەڕێتەوە بۆ رۆژنامەوانی بیستراو و لەچارەکی دووەمی هەمان سەدەشدا پەلی بۆ رۆژنامەوانی بینراو هاویشت. دواتر لەسایەی شەپۆلی بەرفراوانی تەکنۆلۆژیادا تێکەڵ بەرۆژنامەوانی ئینتەرنێتی بوو؛ بەدوای ئەوەشدا مێژووی گەیاندنو رۆژنامەوانی کوردی لەسەدەی بیستویەکدا، لەگەڵ دەسپێکی هەزارەی سێیەمدا چووە قۆناغێکی نوێترەوەو خوێندنی راگەیاندنو رۆژنامەوانی بووە پێویستیی سەردەمەکە. بەدرێژایی ئەم مێژووەش بەڵگەنامەیەك یاخود تۆمارێکی نووسراوی رۆژنامەوانی نابینینەوە کە دەربڕی ئیتیکی رۆژنامەوانی بێتو پێویستیی پیادەکردنی پێوەرەکانی بەشێوەیەکی گشتیو پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی تاکەکانی لای رۆژنامەوانانی کورد؛ کردبێتە بنەمایەك بۆ پێڕەوییکردنی ئیتیکی پیشەکەیان[§]. بێگومان رۆژنامەوانی کوردی بەنووسراو: بیستراو، بینراوو رۆژنامەوانی ئینتەرنێتیشەوە، بێبەش نەبووەو نییە لەو پێشێلکارییانەی لەمرۆدا دەکرێنە سەر مافی ژیانی تایبەتی کەسەکان، جا کەسانی ئاسایی بن یاخود کەسانی دیارو ناسراو.

دیارە ئەم باسوخواسە هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێت، بەو هیوایەی بتوانین لەدەرفەتێکی دیکەدا بگەڕێینەوە سەر ئەم باسەو وردتر قسەی لەسەربکەینو دیارترینی ئەو نمونانەش لەرۆژنامەوانی کوردییدا بخەینە بەرچاو کە بەپێشێلکاریی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی کەسەکان دادەنرێن.

**سەرچاوەکان:**


- محمد محمد الشهاوی: الحماية الجنائية لحرمة الحياة الخاصة في مواجهة الصحافة، الطبعة الاولى 2001، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة.
- د.اسامة عبداللة قايد: الحماية الجنائية للحياة الخاصة وبنوك المعلومات _ دراسة مقارنة _، الطبعة الثالثة 1941،مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة.
- فتحي حسين احمد عامر: اخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم _دراسة تحليلية مقارنة _، الطبعة الاولى 2006، من مطبوعات ايتراك للنشر والتوزيع ـ القاهرة.
- د.محمد عبدالمحسن المقاطع: حماية الحياة الخاصة للافراد وضماناتها في مواجهة الحاسوب الالي (دراسة تحليلية نقدية مقارنة للحق في الخصوصية وتطبيقاته في قانون الكويتي)، ابريل 1992، من مطبوعات جامعة الكويت.
- د.احمد محمد احسان: نحو نظرية عامة لحماية الحق في الحياة الخاصة في العلاقة بين الدولة والافراد «دراسة مقارنة»، 2001، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة.
- د.محمود عبدالرحمن محمد: نطاق الحق في الحياة الخاصة (او الخصوصية) «دراسة مقارنة»، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة.
- د.طارق سرور: جرائم النشر والاعلام، الطبعة الاولى 2004، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة.
- د.مصطفى احمد عبدالجواد حجازي: الحياة الخاصة ومسؤلية الصحفي (دراسة فقهية قضائية مقارنة في القانونين المصري والفرنسي)، 2000/2001م، من مطبوعات دار الفكر العربي ـ القاهرة.
- د.سليمان جازع الشمري: الصحافة والقانون في العالم العربي والولايات المتحدة، الطبعة الاولى 1993، من مطبوعات دار الدولية للنشر والتوزيع ـ القاهرة.
- د.نبيل راغب: الصحافة الصفرا الجذور والفروع، 2004، من مطبوعات دار غريبة للطباعة والنشر والتوزيع.
- د.حسن عماد المكاوي: اخلاقيات العمل الاعلامي، الطبعة الرابعة 2006، من مطبوعات دار المصرية اللبنانية.
- سامان فوزي عمر: المسؤلية المدنية للصحفي (دراسة مقارنة)، الطبعة الاولى 2007، من مطبوعات دار وائل للنشر والتوزيع.

❖ شوان ئادەم ئەیڤەس: ئیتیك لەرۆژنامەوانی کوردییدا، چاپی یەکەم 2006، لەچاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ـ سلیمانی.

❖ مەنوچێهر موحسنی: دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: کۆمەڵە وەرگێڕێك، چاپی: یەکەم، هەولێر2002، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

## پەراوێزەکان:

§ لەیاساو دەستوری زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی رێزگرتن لەمافی تایبەتی کەسەکان بووەتە یەکێك لەبەندو مادەکانیان، زۆر بەدەگمەن نەبێت نەچوونەتە نێو وردەکارییەکانی ئەم مافەو دیاریکردنی سنورەکانی نێوان ژیانی گشتیو ژیانی تایبەتی تاکەکانیان خستووەتە ئەستۆی دادوەرانەوە کە ئەو سنورانە دەستنیشان بکەنو دیاری بکەن....

1.د.اسامة عبدالله قايد: الحماية الجنائية للحياة الخاصة وبنوك المعلومات _ دراسة مقارنة _، الطبعة الثالثة 9941، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة، ص4.

2.جۆزێف پۆلیتزەر (1847 ـ 1911) خاوەنی رۆژنامەی نیویۆرك وۆرلد، لەگەڵ ولییەم راندۆلف هێرست (1863 ـ 1951) بەیەکێك لەرابەرەکانی رۆژنامەوانی رووزەرد ناودەبرێ، هاوکات خاوەنی یەکەم بیرۆکەی کۆلیژی رۆژنامەوانیە لەزانکۆی کۆڵۆمبیا کە لەساڵی 1904 لەوتارێکیدا لەگۆڤاری (زەنۆرس ئەمێرکان ریڤیو) ناوەرۆکی بەبیرۆکەکەی خستبووەروو، ئاماژەی بەوەدابوو کە حکومەتی ئەمەریکیو رۆژنامەوانیەکەی لەیەککاتداو پێکەوە رێدەکەن یا پێشدەکەوێ یان دەرمێ. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.نبيل راغب: الصحافة الصفراء، ل32.

§ چەمکی ژیانی تایبەت یاخود تایبەتمەندێتی زیاد لەمانایەکی هەیە لەوانە: سوودوەرگرتن لەگۆشەگیری، دوورەپەرێزی، تەنیایی، تەنیابوون، سەربەخۆیی لەبژێویدا، پەنابردنەبەر تێرامان، وازهێنانو دەستهەڵگرتن لەخەڵکی، کشانەوە لەژیانی گشتی یان ژیانی خێزانی، لەگەڵ چەند مانایەکی تر لەسەر هەمان ئاراستە لەوانە: مافی خەڵوەتنشینی، مافی نهێنیی یان نهێنی ژیانی تایبەت، ئولفەتگرتن بەژیانی تایبەت یاخود مافی رەسەنێتی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەی خوارەوە:

د.محمود عبدالرحمن محمد: نطاق الحق في الحياة الخاصة(او الخصوصية)«دراسة مقارنة»، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة، ص96.

د.مصطفى احمد عبدالجواد حجازي: الحياة الخاصة ومسؤلية الصحفي «دراسة فقهية قضائية مقارنة في القانونين المصري والفرنسي»، 2000/2001م، من مطبوعات دار الفكر العربي ـ القاهرة، ص3.

2 د.محمود عبدالرحمن محمد: المصدر السابق، ص95.

* سینکرۆنی: رێبازی لێکۆڵینەوەیە لەلایەنی واتاسازیی ئێستای وشەکان، واتە نایبەستێتەوە بەقۆناغە مێژووییەکانی گەشەکردن یان گۆڕانی وشەکانەوە.

* دایەکرۆنی: رێبازی لێکۆڵینەوەیە لەلایەنی واتاسازیی رابردووی وشەکان، بەپێی سەرەتا مێژووییەکانیو کۆی ئەو قۆناغانەی وشەکانی پێیدا تێپەڕبوونو گەیشتونەتە واتای ئێستایان.

3 د.محمد عبدالمحسن المقاطع: مصدر السابق، ص15. کە ئەویش لەم سەرچاوەیەوە وەریگرتووە: Johan H. Shattuck «Right of Privacy» P.X.111

4 د.حسن عماد المكاوي: اخلاقيات العمل الاعلامي، الطبعة الرابعة 2006، من مطبوعات دار المصرية اللبنانية، ص270.

5 د.محمد عبدالمحسن المقاطع: مصدر السابق، ص16 ـ 23.

* یەکەم دەرکەوتنی چەمکی رۆژنامەوانی رووزەرد Yellow Papers یان Yellow journalism دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زنجیرە نیگارو وێنانەی جۆزێف پۆلیتزەری خاوەنی رۆژنامەی نیویۆرك ورلد لەدەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بڵاویدەکردنەوە، قارەمانی نیگارو وێنەکانیش منداڵێك بوو بەکراسێکی زەردی پانوپۆڕەوە کە دواتر بە «منداڵی زەرد» ناسرا. بەشێوەیەکی گشتی نهێنیی شوێنەواری قووڵی مومارەسەی کەسایەتیی ئەو منداڵە زەردە کاریگەربوو بەسەر شێوازەکانی رۆژنامەکەوە، کە تەنها کەسایەتییەك بوو لەمیانی زنجیرە نیگارێکی رۆژنامەوانیدا لەلایەن هونەرمەندی ئەمەریکی ر. ف(1863 ـ 1928) دەکێشرانو بڵاودەکرانەوە. پاشتر داهێنانی کەسایەتی «منداڵی زەرد» بووبە بنەمای ناونانو کارکردنی رۆژنامەوانی رووزەرد ..... بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە د.نبيل راغب: الصحافة الصفرا الجذور والفروع، 2004، من مطبوعات دار غريبة للطباعة والنشر والتوزيع، ص13.

6 د.حسن عماد المكاوي: المصدر السابق، ص267 ـ 268 کە ئەویش لەم سەرچاوەیەی خوارەوەی وەرگرتووە:

Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (VAS: Wm. C., Brown .publishers, 1985) p. 480

7 د.مصطفى احمد عبدالجواد حجازي: المصدر السابق، ص51 ـ 52.

8 نفس المصدر السابق، ص53 ـ 58.

9 سامان فوزي عمر: المسؤلية المدنية للصحفي «دراسة مقارنة»، الطبعة الاولى 2007، من مطبوعات دار وائل للنشر والتوزيع، ص77، كە ئەویش لەم سەرچاوەیەی خوارەوەی وەرگرتووە: د.حبال العطيفي: اراد في الشرعية وفي الحرية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1980، ص680.

10 سامان فوزی عومەر: سەرچاوەکەی پێشوو، ل78، کە ئەویش لەم سەرچاوەیەی خوارەوەی وەرگرتووە: طارق احمد فتحى سرور، الحماية الجنائية لأسرار الافراد في مواجهة النشر، دار النهضة العربية، القاهرة 1991، ص42.

11 .احمد محمد احسان: نحو نظرية عامة لحماية الحق في الحياة الخاصة في العلاقة بين الدولة والافراد «دراسة مقارنة»، 2001، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة، ص22 ـ 23.

12 د. مصطفى احمد عبدالجواد حجازى، سەرچاوەی پێشوو، ل57.

13 سامان فوزی عمر: سەرچاوەکەی پێشوو، ل77.

14 محمد محمد الشهاوی: الحماية الجنائية لحرمة الحياة الخاصة في مواجهة الصحافة، الطبعة الاولى 2001، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة، ص4، لەگەڵ د.سامان فەوزی: دەرسگوتارەکانی یاسای راگەیاندن، لەکۆرسی دووەمی قۆناغی ماستەری بەشی راگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی 2007 ـ 2008.

15 د.طارق سرور: جرائم النشر والاعلام، الطبعة الاولى 2004، من مطبوعات دار النهضة العربية ـ القاهرة، ص558.

16 د.طارق سرور: المصدر السابق، ص604.

17 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص24 ـ 25.

18 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص26.

19 د.طارق سرور: جرائم النشر والاعلام، ص584.

20 رودنی ا. سموللا: حرية التعبير في مجتمع المفتوح، ترجمة الى العربية، كمال عبدالرؤف، الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة المصرية، الطبعة الاولى، قاهرة 1993.

21 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص29 ـ 30.

22 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص31 ـ 36 یاخود بڕوانە سامان فوزی عمر: الحمايه القانونيه لحق الانسان فى صورته، گۆڤار زانکۆ، ژمارە 13ی ساڵی 2004، سلێمانی ل57 ـ 66.

23 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص37.

24 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص44.

25 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص48 ـ 50.

26 محمد محمد الشهاوی: المصدر السابق، ص54 ـ 55.

27 مەنوچێهر موحسنی: دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: کۆمەڵە وەرگێڕێك، چاپی: یەکەم، هەولێر2002، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ل186.

28 ڤلادیمێر سیمینوف: رۆژنامەوانی، وەرگێڕانی لەبولگارییەوە: بەختیار رەئوف، گۆڤاری: رایەن، ژمارە: 9&10، هاوینو پاییزی 2003، ل79،

29 سایتی الصحف: رۆژنامەو ئاڕاستەکانی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئۆراڵ ئەبوبەکر، گ: رایەن، ژ: 7 & 8 زستانو بەهاری 2003.

* المتهم بريء لحين اثبات جريمتة. ئەمە جگە لەوەی پێوەرێکی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیە، بەندی یانزەیەمی جاڕی گەردونیی مافەکانی مرۆڤیشە . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە دەقی جاڕنامەکە لەسەر ماڵپەری un کە ئەمەی خوارەوە ناونیشانەکەیەتی: http://www.un.org/arabic/aboutun/humanr.htm

30 د. صلاح عزیز & محسن ئەدیب (وەرگێڕانو ئامادەکردن): ڕێبەری کردەیی بۆ ڕۆژنامەنووسان ل26، چ: یەکەم 2002

31 د. حەسەن عماد مکاوی: المصدر السابق، ص 270 ـ 272.

32 لەمبارەوە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

د.حسن عماد المكاوي: اخلاقيات العمل الاعلامي، ص269 ـ 270

د.محمد عبدالمحسن المقاطع: مصدر السابق، ص16 ـ 23.

* بۆخوێندنەوەی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، سەردانی ماڵپەری نەتەوە یەکگرتووەکان بکە لەم ناونیشانەی خوارەوە: http://www.un.org/arabic/aboutun/humanr.htm

33 د.حسن عماد المكاوي: اخلاقيات العمل الاعلامي، ص 274 ـ 275.

34 قانون العقوبات رقم 111 لسنة 1969 وتعديلاته النسخة المنقحة الكاملة من الطبعة الثالثة لعام 1985، الطبعة الثانية المنقحة 2006، بغداد، ص157

35 بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان لە: http://perleman.org

§ زاراوەی Ethic لەبنەڕەتدا هەڵێنجراوی وشەی etosی یۆنانییە، کە بەواتای ئاکارو نەریت دێتو زانستێکی ئاکارییە؛ بابەخ بەلایەنی تیۆریی‌و پراکتیکیی بەها ئاکارییەکان Moral دەدات؛ لە وشەی Moresی لاتینییەوە وەرگیراوەو مەبەست لێی هۆشیاریی‌و هۆشمەندیی ئاکاریی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییە. هەندێك وایدەناسێنن: کۆمەڵە بنەمایەکەو بەشداری دەکات لەپێکهاتەی ڕۆشنبیریی خەڵکی‌و بیرکردنەوەیان لەمەڕ چاکەو خراپە، کە وەك نمونەیەکی باڵا وەهایەو وێنەی ئەو ڕەفتارانەیان بۆ دەکێشێ؛ لە کۆمەڵگەدا پیادەی دەکەن. واتە ڕۆڵی ڕێبەرێکی ئیتیکیی دەبینێ؛ مرۆڤ لە کاتی هەڵسوکەوتو کارکردنی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێت. بۆیە ڕۆژنامەوانانیش لەلایەن خۆیانەوە بەمەبەستی خستنەگەڕو بەجێگەیاندنی داواکاریی پیشەکەیان؛ بەهەماهەنگی لەگەڵ ناوەندو سەندیکاکانی ڕۆژنامەوانی، چەشنە دادگایەکی ویژدانییان بۆ خۆیان بەدیهێناوەو ناوی دادگای پاکی‌و شەرەفی ڕۆژنامەوانیان بەسەردا بڕیوە..... بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شوان ئادەم ئەیڤەس: ئیتیك لەڕۆژنامەوانی کوردیدا، ل 68 ـ 124.

36 شوان ئادەم ئەیڤەس: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل82.

37 د.حسن عماد المكاوي: اخلاقيات العمل الاعلامي، ص 276 ـ 277.

§ لەمڕووەوە چەند هەوڵێکی تاکەکەسی دراون کە سنوریان زۆر دیاریکراوبووەو نەبووەتە پێڕەوێکی بەرفراوانو هەموو ڕۆژنامەوانانی کوردی پشتی پێببەستن یاخود لەسەری بڕۆن، ئەمە جگە لەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش تا ئەم ساتەی ئەم دێڕانەی تیادەنووسرێن، هیچ هەوڵێکی جدیی نییە لەوبارەوە.